www.kurdistannet.org
09/01/2002 21:11

## ڕۆژنامەگەری ئەمڕۆ،
## هەلومەرجەکانی لێپرسراویەتی

**دڵشاد خۆشناو/ تاران**

سەرەکیترین خاوەنی چاپەمەنییەکان بە پلە یەکەم کەسانێکن کە پێویستیان بە چاپەمەنی هەیە، پلەی دووەم کەسانێکن کە یارمەتی بڵاوبونەوەی هزر و ئەندێشەکان دەدەن،لەم ووتارەدا هەوڵ دەدەین کە لێپرسراویەتی و هەلومەرجەکانی ڕۆژنامەگەری شرۆڤە بکەین.

ئامێرە پێشکەوتوو و نوێیەکان،وایان کردوە کە هەواڵ و ڕاپۆرتەکان بە زوترین کات بگەنە ئەوسەری جیهان. هەر لەم ڕێگایەشەوە مەسەلە میللی و نێودەولەتیەکان دەخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لە گۆڕینەوەو جێبەجی کردنی بیروراکان و پێشخستنی ئاستی کلتوری گەلان ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەر دەگێڕن.

بۆ دابین کردنی پێویستیە هەواڵیەکانی کە ملیۆنان خوێنەر،بیسەر،بینەر،بە تامەزرۆییەوە شەو وڕۆژ چاوەڕوانی ئەو هەواڵانەن.سەدان نوسەر و پەیامنێر سەرگەرمی کۆششی بی وەستانن و بە ووشیاری فراوانەوە لە بۆسە دانیشتون تا هەواڵەکان وەدەست بهێنن، سەرگوزەشتەی روداوەکانی رۆژانە بی کەم و کوری بخەنە شوێنی پرسیار بۆ خوێنەران و کریارانی چاپەمەنیەکان، هەندی جار پەیامنێران سنوری چەندین وولات دەبەزێنن و دەچنە ناو گەرمەی شەڕ و پێکدادانەکان بۆ کۆ کردنەوەی هەواڵ. تا ئێستا چەندین پەیامنێر لەم جۆرە پێکدادانانە شەهید بوون،(گاد گرۆس) یەکێك بوو لەوانە کە لە شاری زێڕی ڕەش شەهید بوو. بەم پێیە ئامادەکردنی هەواڵی ڕەها (بەبی کار و تێڕوانینی پەیامنێر و نوسەران) یەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی پەیامنێران و شیکردنەوە و تێگەیاندنی باشتر ئەرکی نوسەری چاپەمەنیەکانە. هەروەها بڵاوکردنەوەی روانینەکانی خەڵك دەربارەی روداوەکانی ڕۆژانە، ئەرکێکی تری دەزگا چاپەمەنیەکانە.

هەروەها تۆری تۆڕەکان(WWW) و(ئامێرەکانی لێکۆڵینەوە) لە تۆڕی ئەنتەرنێت کاریگەریەکی فرەی لەسەر کاری ڕۆژنامەگەری هەبووە،کە وەك شۆڕشێکی مەزن دەژمێررێت.

ئەرکی راگەیاندنەکان وەکو دەستەڵاتی چوارەمی هەر وولاتێك پێویستە کە زۆر ئاگاداری هەرسی دەزگاکانی (یاسادانان،و جێبەجی کردن،و دادوەري) بن و لە هەمان کاتیشدا پەیوەندییەکی دڵنیاکەرانە بێت لە نێوان دەزگاکان و جەماوەر،واتە وەکو پارێزەرێك کار بکەن.بەم جۆرە گوی و زمانی خەڵك،هەردوو یەکسان بن.ئەو ئەرك و ڕۆڵە گرنگە وا پێویستە کە ڕۆژنامەنووس هەست بە لێپرسراویەتی کۆمەڵایەتی خۆی بکات و بیپارێزێت،هەروەها زیان بە تاك و کۆمەڵگا نەگەینی و بەرانبەرەکەی روبەڕوی دژواری نەکاتەوە. لێرەوەیە کە خزمەت لە میدیاکان وەکو ئەرکێکی گەورەی کۆمەڵایەتی و پەیامێکی مەزن دەژمێررێت. لەگەڵ ئەوەشدا،زیرەکی و ئەزموون و کارابونی ڕۆژنامەنووس شتێکی پێویستەو ناکری پشتگوی بخريٚ. لە سەرتاسەری جیهان ڕۆژنامەنووسی وەکو پیشەیەك،ئەنجام دەرەکەی پێویستە زرەنگی و ئەزموون و زانیاری پێویستی هەبێت.

بۆ نوسینی ڕۆژنامە نەریتێکی ئەزموونگەری لەبەردەستدا هەیە،کە ئەگەر ڕۆژنامەنووسێکی پیشەیی ئەم نەریتە ڕەچاو بکات،نوسینەکەی بە پێز و لە بەرژەوەندی کۆمەڵدا دەبێت و بێلایەنانە دەبێتە راستیەکی بەرچاو.

بی سەرمایە دەکری ڕۆژنامە دەربکریّ،بەلاّم بی ڕۆژنامەنووسی پیشەیی شتێکی مەحاڵە. خودی ڕۆژنامەنووسی پیشەیی تاکێکی مەعنەوی و دوور لە هەلپەرستی و تەماعی پارە و شوێنە.لە خەڵکی تر پتر پەیوەستە بە کۆمەڵگای خۆی و هەمیشە حەز دەکات لە خزمەتی کۆمەڵگای خۆیدا بێت،و بەردەوام بیر لە بەرژەوەندی و ئارامی کۆمەڵگا دەکاتەوە.

کۆمەڵناسان، میدیاکان بە خزمەتگوزاریترین دەزگا دەژمێرن، کە خزمەتی خەڵك بکات.

ئەو کۆمەڵگایەی کە وەکو پێویست ڕۆژنامەی پیشەیی چاکی تێدا هەبێت کە پارێزگاری لە بەرژەوەندی و مافی میللەت و دەوڵەت بکات،ئەوا ((یەکساني))یشی تێدا دروست دەبێت.

دەستەی نوسەرانی میدیاکان(ڕۆژنامە،رادیۆ،تەلەفزیۆن و ... هتد)پێویستە خاوەنی بڕوانامەی خوێندنێکی پەیوەست بە نوسین و ئەزموونی پێویست بن تا جەماوەر بتوانێت چێژ لە بەرهەمەکانیان وەربگرێت، و سەخیانە تەواوی خەرجی کارەکانیان بدەن.خەرجی ڕۆژنامە دەبی جەماوەر بەخوێندنەوە و کڕینی بیدات.

هەندی لە دەستەلاّتداران دژی هەواڵ و ڕوداوی ناوخۆن،وهکو بڵێی ئەوانە بە دڵنیاییەوە خوێنەری تایبەتی خۆیانیان هەیە،ئەگەر ئەو هەوالاّنە بلاّو نەبنەوە،نەك ئەو میدیایە کەموکوڕی هەیەو گشتی نییە،بەڵکو خەڵکیش ناتوانی لە بەسەرهاتی یەکتری سود وەربگرن و ڕێزی ئەندامانی کۆمەڵ و یاسا بگرن و بیپارێزن.

ئەو هەواڵ و شیکردنەوانەی کە پەیوەندیان بە دووری نێوان چینەکانی کۆمەڵ هەیە،دەبێتە هۆی سەرنجدانی پتری خاوەن دەستەلاّت و سیاسەتمەدارەکان،بۆ ئەوەی بتوانن بە پەیڕەو کردنی یاسا یەکسانی بەرقەرار بکەن.

بە هەمان شێوەش کە دابین کردنی یەکسانی بەبی ئاگادار بوون لە ڕاستي،دژوارە.گەیشتن بەو (ڕاستي)یەش لە ڕێگای ئازادی ڕۆژنامەگەری مەیسەر دەبێت. ئازادی پیشەیی ڕۆژنامەنووسی پێویستە دابین بکرێت، تاوەکو بی گرفت و بە ئاسودەیی و ووردییەوە لە کارەکەی بەردەوام بێت و ببێتە جێگای سەرنج و پشت پێبەستنی جەماوەر، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕۆژنامەنووس بازنەی زانیاریەکانی بەرفراوانتر دەکات و میدیاکانیش دەوڵەمەندتر دەبن.

ئەنجومەنی یاسادانان پێویستە((ڕۆژنامەگەري)) وەکو پیشەیەك، کە بەبی ئەزموون و لێهاتووی پێویست ڕێگا نەدات ڕۆژنامە چاپ و بلاّو ببێتەوە. ڕونتر بڵێم،لە کاتی دانانی یاسای پەیوەست بە ڕۆژنامەگەری پێویستە ئەزموون و لێهاتووی بلاّوکەرەوە و سەرنوسەر و خاوەن ئیمتیاز ببێتە مەرج بۆ مۆڵەت پێدان. هەروەها پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکانی مۆلەت پێدانی چاپەمەني،دڵنیا بن لە پیشەیی بوون و لێهاتووی داواکاران، هەروەها لە(ئیمتیاز) ی ڕۆژنامەنووسیش،پێویستە ئەو ئیمتیازە بە کەسانێك بدری کە لە کاری ڕۆژنامەگەری یا لەناو ڕۆژنامەنووسان مومتاز بن،تا بتوانری بکرێت بە خاوەنی ئیمتیاز، و بە شێوەیەکی مومتاز و چاك لە ڕاژەی کلتور و گەشەی کۆمەڵ و وولاّت دابن.

ڕۆژنامە نوسی لێهاتوو وەکو هێزی پارێزەری چەکداری وولاّت،لە جیاتی چەك بە خامەکەی پارێزگاری لە وولاّتەکەی دەکات لە بەرانبەر هێرشی کلتوری دوژمنان و پڕوپاگەندەی بێگانەکان. ئەمریکا بە یارمەتی ڕۆژنامەنووسەکانی بوو کە توانی شەڕی سارد بباتەوە.ڕۆژنامەنووسی لێهاتوو کە ئەندامانی کۆمەڵ پەروەردە بکات لە ڕوی فیکري، لە دژی دزەی ئەو بیرانە دەوەستێت کە زیان بە بەرژەوەندی گەل و نیشتمانەکەی دەگەیێنێت.

هەندی جار ئاژانسەکانی بێگانە هەوڵ دەدەن لە لابەلای نوسینەکانیان، بیروڕا سیاسیەکانیان بسەپێنن. جا ئەرکی ڕۆژنامەنووسی نیشتمان پەروەر ئەوەیە، لە کاتی سود وەرگرتن لەو جۆرە بابەتانە، بیروڕا زیادەکان ئاشکرا بکات و بیانقرتێنێ.

***تەواو***

©Kurdistan Net